# له یاد و بۆنەی ڕۆژی دایكدا و
# ڕۆژ و جەژنی "دایك" له چیەوه هاتووه له مێژووی مرۆڤایەتیدا
# دەبا ڕۆژی (دایكی كورد) ڕۆژێكی جیاواز بێت ، چونكه خەم و ئەشكەكانی دایكی كورد زۆر جیاوازن

ئامادەكردنی ڕیپۆرتاژ : ڤینۆس فایەق

تایبەت بۆ سایتی دەنگەكان

## پێشەكی:

یادكردنەوەی ڕۆژی تایبەت بە دایك و گێڕانی جەژن بەو بۆنەیەوە لە هەموو جیهاندا باوی هەیە ، بەلاَم لە ولاَتێكەوە یان لە میللەتێكەوە بۆ میللەتێكی دی دەگۆڕدرێت ، بۆ نموونە هەر لە دێر زەمانەوە ، بنەما و ناونانی ئەو بۆنەیە گەلێ داستانی كۆن و چیرۆكی لێ باس دەكرێت ، بۆ نمونە هەر لە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ سەرەتاكانی سەرهەڵدانی ئەفسانەكاندا دەگوترا گوایا خوداوەندێك هەیە خۆر ئەجووڵێنێت و وادەكات ئەستێرەكان لە ئاسماندا بدرەوشێنەوە ، یەكێ لەو میللەتانەی ئەو ئەفسانانەی هێنایە كایەوە و پەرەی پێدەدا (مەللەتی فیرجینیا)ی ئاسیای بچووك بوو ، كە باوەڕیان وابوو گرنگترین خوداوەند كچی زەوی و خۆرە و هەر ئەویش دایكی هەموو خوداوەندەكانی ترە ، ئیدی هەموو ساڵێك میللەتی فیرجینیا بە ئاهەنگێكی قەشەنگی ساڵانە ئەو یادە بەسەر دەكەنەوە كە یادی ڕۆژی دایكە ، پاشان یۆنانیە كۆنەكان هەر لە وەرزی بەهاردا هەموو ساڵێك ئەو یادە بەسەر دەكەنەوە ، لای ئەوان خوداوەندی (ریهیا) بەیەكەمین خوداوەند دانراوە لەبەر ئەوەی لەهەموو خوداوەندەكانی تر بەهێزترە و بە پیرۆزی دادەنێن.

هەروەها ڕۆمانیەكان ناوی (ماجنامتر)یان نابوو لە خوداوەندی دیایك ، كە مانای (دایكی مەزن) ئەگرێتەوە ، هەر بۆ مەبەستی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی ڕۆژەكەیەوە پەرستگایەكیان بینا كرد بەناوی (گردی پلاتین) و بۆنەكە ڕێكەوتی ڕۆژی 15ی مارسی دەكرد ، و ئاهەنگەكە سێ ڕۆژی دەخایاند و پێیان دەوت (ڤیستیفاڵی هیلاریا) ، و لەو ڕۆژەدا دیاریان دەهێنا و لە پەرستگاكە دایان دەنا بۆ پیرۆزكردنی ڕۆحی دایكە گەورەیان.

كە مەسیحیەكانیش هاتن لەسەر شەرەفی (كەنیسەی دایم) ئاهەنگیان دەگێڕا ، و ئەوەش لە ڕۆژی چوارەمی ڕۆژووی گەورە لا قبتیەكان ، و هەریەكە دیاری دەكرێ و دەیبرد بۆ كەنیسەی تایبەت بەخۆی. ئیدی هەتا مێژوویەكی دوور لەوانەی باس كران بیرۆكەی دەستنیشانكردنی ڕۆژێكی تایبەت بە دایكان لە سەر دەستی ژنەنووسەری ئەمەریكی (جولیا وارد هاوی) هاتە كایەوە ، بەلاَم ئەو كاتە كەس نەهات بەدەنگ پێشنیارەكەیەوە ، هەتا (ئانا جارفیس) هات و بە شێوەیەكی

پراكتيك ئەو بيرۆكەيەی كار پێكرد ، وەختێ خەونی دايكی هێنايە دی پاش تەواو بوونی شەڕ ناوخۆ ئەو كاتە كە دەيگووت "ئەوەی شەو رك و كينەی لەو شەڕەوە بۆمان ماوەتەوە بە دەستنيشان كردنی رۆژێك بۆ دايك كۆتايی پێدێت لە نێوان لايەنەكانی لە ناو خۆياندا ناكۆكن" ، ئەوە بوو هەر پاش مردنی دايكی (ئانا) سوێندی خوارد و وتی دەبێت ئەو يەكەم كەس بێت ئەو خواستەی دايكی بێنێتە دی ، ئەوەبوو لەسەر داواكاری (ئانا) سەرۆكی ويلايەتی فيرجينيا بڕياری دەركرد رۆژێك دەستنيشان كرێت بۆ (رۆژی دايك) ئەوەش رێكەوتی 12ی مايسی 1907ی كرد ، كە ئەوەش يەكەم ئاهەنگ گێڕانی رەسمی بوو بە بۆنەی (رۆژی دايك)ەوە لە هەموو ولايەتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا. (ئانا) هەر بەوەشەوە نەوەستا ، ئەوەبوو كەوتە نامە نووسين و ناردنی بۆ سەرۆكی ويلايەتەكانی تر بەمەبەستی ئەوەی ئەورۆژە بكرێتە ئاهەنگێكی نيشتيمانی لە سەرتاسەری ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا ، هەتا (ويلسۆن)ی سەرۆكی ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا 14ی مايسی 1909 ، بەياننامەی جاڕی ئاهەنگگێڕانی ئيمزا كرد بە بۆنەی يادی (رۆژی دايك)ەوە كە دووەم رۆژی يەكشەممەی مانگی مايسی لە سەرتاسەری ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا بۆ دەستنيشان كرا .

پاش ئەوەش (ئانا) پەرەی هەوڵ تەقەلاكانی دا بە ئاڕاستەی بە نێونەتەويی كردنی ئەو بۆنەيە ، و لە سەرتاسەری دونيادا يادی بكرێتەوە نەك تەنها لە ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا ، ئەوبوو پێش مردنی ساڵی 1948 خەونەكەی هاتە دی و لە زياد لە 40 يادەكە گێڕدرا لە هەموو وڵاتە رۆژئاوايی و عەرەبيەكان.

بەڵام لە ئەڵمانيا چيرۆكێكی تر دەگێڕدرێتەوە ئەويش ئەوەيە گوايا هيتلەر ئەو كەسە بووە كە داوای كردووە رۆژێك دەستنيشان كرێت بۆ رۆژی دايك و رۆژی مردنی دايكی دەستنيشان كردووە بۆ ئەو بۆنەيە ، و لەو وڵاتە ئافرەتە گەنجەكانيان هەميشە لەو بۆنەيەدا هانداوە منداڵی زۆر بخەنەوە بۆ ئەوەی ساڵانە بە كۆمەڵ ئەو يادە بكرێتەوە.

هەر بەو پێيەشی شێوازی ئاهەنگگێڕان و يادكردنەوەی ئەو يادە لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر دەگۆڕدرێت هەروەها رۆژەكەشی لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر دەگۆڕدرێت :

لە نەرويج: دووهەم يەكشەممەی مانگی فێبريوەری

ئەرجەنتين: دووهەم يەكشەممەی مانگی ئۆكتۆبەر

لوبنان: يەكەم رۆژی وەرزی بەهار

باشووری ئەفەريقا: يەكەم يەكششەممە لە مانگی مايس

هيند: سەرەتای مانگی ئۆكتۆبەر

پورتوگال و ئيسپانيا: 8ی ديسەمبەر

فەرەنسا و سوید: دوا یەکشەممەی مانگی مایس

یابان و ئەمەریکا: دووهەم یەکششەممە لە مانگی مایس

ئەسیوبیا: رۆژێکی دیاریکراویان نیە : یان ئۆکتۆبەر یان نۆفەمبەر ، کە باران تەواو دەبێت گەنجەکان بە دیاریەوە دێن بۆ لای دایك و باوکیان.

مەکسیك و ئەمەریکای باشوور : 10ی مایس

دانیمارك و فینلاند و ئیتالیا و تورکیا و ئوسترالیا و بەلجیکا : دووەم یەکششەممەی مایس

بەحرەین و هونکونگ ومالیزیا و عومان و پاکستان و قەتەر ، سعودیە و سانگەفورە و ئیمارات : 10ی مایس. هەروەها لە میسر 21ی مارس ئەو یادە ئەکەنەوە.

## لە کوردستان:

هەتا ئیستا راست بلێم من بۆ خۆم نازانم چ رۆژێك بەتەواوەتی رۆژی دایکە لە کوردستان ، ئەگەر ئەو رۆژی ئیستا ناوی دەبرێت کە دەڵێن 9ی مایسە دەسەڵاتی بەعسی گۆڕبەگۆڕ دایناىێ ، ئەوا بەباوەڕی من ئەوە نابێت تایبەت بێت بە (رۆژی دایکی کورد) ، چونکە ئەو رۆژە لای کورد دەبێت مانا و فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەبێت ، هەر بۆیە لە میانەی ئەم ریبورتاژەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم رۆژێکی تایبەت بە (دایکی کورد) دەستنیشان بکرێت ، با ئەو رۆژە رۆژمێرێکی تایبەتی بوێت ، مەرج نیە چ رۆژێك بێت بەڵام مانای رۆژەکە با سیمبۆلێك بێت بۆ وەبیرهێنانەوەی مەزنی دایکان و هاوسەرەکانی ئەنفالکراوەکان ، و دایکانی شەهیدوکانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدەکانی تاوانەکانی لە دژی کورد بە ئەنجام گەیەنراوە. با ئێمەش ئەو رۆژە خۆمان دەستنیشانی بکەین ، ەرج نیە هەمان رۆژ بێت کە میللەتێکی تر لەسەر رووی زەمین هەمان بۆنەی تیا دەگێڕێت ، بارۆژێك بێت مانایەکی مەزن بۆ هەموو کوردێك ببەخشێت لەناو ماناکانی دایکدا..

لە کوردستانیش لەوەتەی رۆژمێری ئەنفال و هەڵەبجە و گۆڕە بەکۆمەڵەکان هاتوونەتە کایەوە و مەودایەکی فراوانی لە میتۆلۆژیا و جوگرافیایا فیکر و سایکۆلۆژی و بەرهەمی ئەدەبی و کولتووری و هونەری و کۆمەڵایەتی تاکی کوردی داگیرکردووە ، زۆربەی زۆری زاراوە و ناوی بۆنەکان رەنگی تر و هەستی تر بە خۆیانەوە دەگرن ، بۆ نمونە پێش ئەو مێژووانە ، پێش ئەو نەهامەتی و کارەساتانە ، ژنی کورد وەکوو هەموو ژنێکی تر لە دونیا تاحەدێ ئەتوانرا باسی لێوە بکرێ ، ئەوە نەبێت میللەتێکی ژێردەستەیین ، بەلأم کە ئەنفال کراین و کیمیاباران کراین و بەکو/ەڵ لە گوڕە بەکۆ/ەڵەکاندا نێژراین ، ئیدی رۆژی ژنان لەو دەڤەرەی پێی دەوترێ کوردستان وای لێهات پێناسەیەکی تری بەخۆیەوە بینی ، من بۆخۆم وەکوو کورد ، وەکوو ژن ، هیچ کات هەستم نەکردووە وەکوو ژنێکی عەرەب یان تورك یان فارسم ، یان وەکوو هەر ژنێکی تری سەر ئەم رووی زەمینە ، لەوانەیە لێکچوونێك هەبێت لە نێوان ژنی کورد و ژنی ئەرمەندا ، بەلأم بەکەمی ،

لەوانەیە لێکچوونێك هەبێت لە نێوان ژنی یەهودی کە کارەساتی هۆلۆکۆستیان بینی ، یان ژنانی دوای هەردوو کارەساتی هیرۆشیما و ناکازاکی ، بەڵام هیچ کات باوەڕم وانەبووە کەوا قەبارەی خەم و خەفەت و قوربانیەکانی هیچ ژنێك و هیچ دایکیکی تر لەسەر ئەم رووی زەمینە شان بدات لە شانی خەمە و ئازارەکانی ژن و دایکی کورد ..

ئەو کاتەی کاك رزگار سلێمان کە یەکێکە لە هاوکاران و دەستەی نووسەرانی سایتی دەنگەکان داوای لێکردم شتێك لەو بارەیەوە بنووسم ، بەڕاستی خستمیە بەردەم دۆزێکی گەلێ گەورە ، چونکە باس کردن لە بۆنەی دایك و دایکی کورد ، باسێکی خەمئامێزە ، نازانم چی بڵێم بەو دایکانە ، چی بە دونیا بڵێم سەبارەت بەو دایکانە ، بەڵام بۆ ئەوەی لێپرسراوێتیەکە بەشکەم ، پەیوەندیم کرد بە چەند ژن و دایکێکی نزیك خۆمەوە تا پێکەوە شتێك بڵێن ، هەر یەك بە پێی توانای خۆی وەڵامی دامەوە لەسەر ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەم کردبوون..

**پەیمان سەرهەنگ** ، ئەندامی بەڕێوەبەری یانەی کوردی میدیا لە شاری رۆتردامی هۆڵەندی و ئەندامی دەستەی نووسەرانی مانگنامەی بێوار لە هۆڵەندا ، لە گفتو گۆیەکمدا لەگەڵیدا سەبارەت بەو رۆژە وتی: هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی قەرزارباری دایکانن ، گەر ئاوڕ لە ئازارەکانی دایکان بدرێتەوە و رۆژێك بۆ پیرۆزی دایکان بکرێتە هێمای هەناسە ساردەکانی ، ئەوە هێشتا هەقی تەواو نەدراوەتە دایکان ... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا رۆژی دایکان ئەو هەستەم پێ ئەبەخشێ منی دایك بوونم هەیە.

هەروەها دەربارەی دایکی کورد بەتایبەت وتی: دایکی کورد ئەو رێزدارە بەهرەمەندە بە سۆزە لە خۆبووردیەوە رۆڵەکانی پێدەگەیەنێت و دەیانبەخشێتە ئازادی کۆمەڵگەی ئەمەش پەسەندبوویەکی بەردەوامی دایکانە، گەر ویژدان و عەقلانیەت لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا هەبێت، دەبێت هیچ جۆرە دەسەڵات و لەخۆ گۆڕانێك نەبێ بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو دایکەی پەروەردەی کردوون.

هەروەها دەربارەی کۆمەڵگای کوردەواری وەکو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی پێش هەموو شتێك ، و ئایا مافی شیاوی بەخشیوەتە ئازارەکانی دایکی کورد ، وتی: نکوڵی لەو گۆڕانکاریانە ناکرێن بەسەر مافەکانی دایکان و ژنە کوردا هاتوون بە تایبەت پاش راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 و بەشداری ژنان لە پەرلەمان و پۆستەکانی وەزارەت و لێپرسراویەتی باڵا دەست لە دەزگا فەرمانبەریەکاندا، بەڵام ئەمە هێشتا لاسایەکانی هەندانێکی پیاوسالار ناسڕێتەوە کە ژنان و دایکان بە مرۆڤێکی کەم زێر و بێ دەسەڵات دەبینن و بۆ مەرام و ئارەزووەکانی خۆیان بە کاریان دێنن.

**لەمیانەی هەمان وتووێژ بێگەرد عیرفان سەرنووسەی گۆڤاری خانمی کورد لە هۆڵەندا وتی:**

من دایکایەتی زۆر بەرز دەنرخێنم، هەرمنیش نیم دایک بەرز بنرخێنم، مرۆڤ هەزارەها ساڵە داییکی بەرز نرخاندووە، چەندەها ناوی بەرز و پیرۆزی بەناوی دایکەوە ناوناوە، چەندەها کتێب و ڕۆمان و شیعرو گۆرانی بۆ دایکان ووتراوە، دایکانی کوردیش بێبەش نەبوون لەو نرخاندن و پیاهەڵدانەدا.

بەڵام دەمەوێت زۆر بەڕاشکاوی بڵێم، کاتێک کە هێشتا لەووڵاتی خۆمان نیشتەجێبووم، هیچ کات هەستم نەکرد ڕۆژێک هەبێت ناوی ڕۆژی دایک بێت و خەڵکی یان خۆم یادی ئەم ڕۆژە بکەین، تا چەند ساڵێک لەمەوبەر، کاتێک یەکێک لە منداڵەکانم لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، لە قوتابخانە گەڕایەوە وبە بۆنەی ڕۆژی دایکەوە، دیارییەکی پێچراوەی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە کە دەستکردی خۆی بوو، پارچە هۆنراوەیەکیشی لەگەلدا پێچابووەوە وباوەشی پیداکردم ودیارییەکەی پێبەخشیم و پیرۆزبایی ڕۆژی دایکی لێکردم، نایشارمەوە زۆر سەرسام بووم ولەهەمان کاتیشدا زۆر دڵم خۆشبوو کە منداڵەکەم فێری ئەوە ببێت هەست بە نرخی دایک بکات و یادی ئەوڕۆژە بکاتەوە، ڕاستە پێشتر لە ڕێگەی میدیاکان و گۆڤارو بڵاوکراوەکان و کەناڵی تەلەفزێۆنەکانی ئەم ووڵاتەوە ساڵانە ڕۆژی دایک بەرگوێم دەکەوت و گەر بەهۆی ڕیکلامە بازرگانییەکانیشەوە بوایە دەم بینی خەڵکی خەریکن بە ڕۆژێکەوە ناوی ڕۆژی دایکە، بەڵام تا ئەوکاتەی منداڵەکەی خۆم بە ئاگای نەهێنامەوە، هەر نەشم ئەزانی ئەوڕۆژە منی دایکیش دەگرێتەوە. ئەمە وای لێکردم بگەڕێم بەدوای ئەوەی دەبێ چۆن ئەم ڕۆژە لە ڕۆژەکانیتر جیاکرابێتەوە و تایبەتکرابێ بۆ دایک، ڕاستە دایک هەموو ڕۆژەکان هەمووسات وچرکەکان هەردایکە، بەڵام هەستی کەسانیتر بۆ ئەودایکە زۆرگرنگە.

لەهەمانکاتدا ئەوپرسیارەم کرد باشە ئەی دایکانی لای ئێمە دایک نین؟ تەنانەت بە تەرخانکردنی ڕۆژێکیش بەسەرناکرێنەوە؟

بەدوا گەڕانمدا بۆ ئەم وەڵامە، ئەوپاساوەم هێنایەوە، تایبەتکردنی ڕۆژی دایک هەڵقوڵاوی کۆمەڵگاو بیروباوەڕ و ئایینێکی ترە و زۆر دوورە لە ناوچەی ئێمەوە و بیرۆکەکە بیرۆکەی کیژە کوردێک نییە، بیرۆکەی کیژێکی شاری Crafton ی ڕۆژئاوای Virginia یە و یەکەم جار لە کڵێسەی ئەو شارەدا هەڵقوڵاوە و پیادەکراوە، ئەو کچە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە لە ساڵی 1906ی زایینییەوە دەستی بە هەوڵکردووە تا لە ساڵی 1914 ی زاینی یادی ڕۆژی دایکی گەیاندۆتە ئاستی نێونەتەوەیی و دووهەم یەکشەممەی مانگی مایس کە ڕۆژی گیانلەدەستدانی دایکە جەرگسوتاوە بەخشندەکەی بوو، کردیە ئەم ڕۆژی دایکەی کە ئێستا هەمووجیهان یادی دەکاتەوە. دڵخۆشی خۆمم بەوە دایەوە، وەک هەموو پێشکەوتنەکانی تر، پێیدەچێت تا دەگاتە لای ئێمە، دەبێت ئەوەشم لە بیرنەچێت بارودۆخی ئێمە وای لێکردوین تا ئێستا نەداهێنەر و نە خولقێنەر بین و بە ئاسانیش ناتوانین لەهەموو بوارێکدا لاساییکاریش بین.

*لای من ڕۆژی ژن جیاوازە لە ڕۆژی دایک، ڕاستە هەردوو هەر مێینەن بەڵام تایبەتکردنی هەریەکێکیان ئامانجێکی لە دواوە بووە و جۆرە هەوڵ و خەباتێکی بۆکراوە، ئەمە جگە لەوەی

دایکایەتی تەنها دایکە مرۆڤ ناگرێتەوەکە ژنە، هەموو بونەوەرێکی تریش دەگرێتەوە کەدایکن، دایکایەتی هەستێکە ڕەنگە بتوانم بڵێم هەردایکە بەتەواوەتی بیناسێت.

*وەک دایکێکی کورد دەمەوێت بە پیاوان یان باوکسالارانی کورد بڵیم، باکەمێ هەوڵبدەن زێتر لە ژنان و دایکان نزیک ببنەوە و زێتر هەوڵبدەن لێیان تێبگەن، وەک مرۆڤ و وەک هەموو ژنان و دایکانی تری دنیا بییان بینن، ژنی کوردیش بەخشندە و سۆزدار و میهرەبانن، هیچ کەمتر نین لە هیچ کەسانێکی تر و لە هیچ ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتوون، گەر بەووردی تێبڕوانن، ژنانی کورد کەم مەینەتی و چەوساندنەوەی نەدیوە، با چیتر بێبەشنەبن لە ماف و سۆز و نرخی خۆیان.

*ناتوانم بڵێم کۆمەڵگەی کوردەواری مافی تەواوەتی ئافرەت و داییکی داوە، ناتوانم بڵێم لە هیچ بستە جێگایەکی تری ئەم جیهانە ولەناو هیچ کۆمەڵگایەکی تریشدا مافی تەواوەتی دراوە. گەر چاو لەوولاتە پارچەپارچەکراوەکەم بکەم، هەریەکەیان لە ژێر کاریگەری جۆرە دابوو نەریتێکدایە و هەریەکەشیان جۆرە یاسایەکیان بەسەردا دەسەپێنرێ، تەنانەت گەر بمەوێ یەکێک لە پارچەکانیش هەڵبسەنگێنم، بارودۆخەکان لەزۆرشتدا لەیەک جیاوازن و هەر هۆزە و خێڵێک بە جۆرێک ڕەفتار دەکەن، بەڵام دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم ئاستی ژن و نرخی ژن و بارودۆخی ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی وولاتانی پێشکەوتوو، لە دوایەو ناهەقی و غەدری بە ئاسانی تێدا بەدی دەکرێت.

**ئیدی منیش هەتا ئیستا (قسە لێرەدا بۆ نووسەری بابەتە) نەمزانیوە بە تەواوەتی رۆژی دایکی کورد دەکاتە کەی ، چەند حەزم دەکرد ناوی (کوردستان) لەناو لیستی ناوی ولأتەکاندا بهاتبایە کە لەسەروە لە پێشەکیەکەدا رۆژی دایکیان دەستنیشان کردووە ، هەر لێرەوە ئەو خواستە دەخەمە بەردەست لایەنە بەرپرسەکان ، با رۆژی دایك رۆژێکی جیاواز بێت ، چونکە خەم و ئەشکەکانی دایکی کورد زۆر جیاوازن ، ئازار و نەهامەتیەکانی دایکی کورد جیاوازن لە ئازار و نەهامەتیەکانی ژنەکانی تری دونیا ، ژنانی ولأتانی دەوروبەر مافی دەنگدان و بەشداری سیاسیان نیە ، ژنی کورد هێند مەزنە دەمێ ساڵە ئەو مافەڕەوایەی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە ، بەڵام مێژووی ژنی کورد ، مێژوویەکی ترە ، مێژوویەکی سوور و پڕهاوار و لاوانەوە ، باوەڕناکەم ژنانی سعودیە کە بۆیان نیە ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕن ، بە هێندی ژنی کورد لە سینگی خۆیان دابێ , بە هێندی دایکی کورد سەردانی گۆڕستانەکان بکەن و یەکەم رۆژی هەموو جەژنەکان لە گۆڕستانەکان بە گریان بەرنە سەر ، هەموو خەمەکانی ژنانی کەنداو ئەوەیە بەشداری حوکم بکەن و بەشداری بڕیاری سیاسی بکەن ، دایکی کورد لەو کاتەی پێشمەرگایەتی دەکرد ژنانی کەنداو بە هەموو کۆیلایەتیەکی کۆمەڵگا رازیببوون ، ژن و دایکی کورد هێند بەجەرگ و ئازان هەرگیز کۆرپەکانیان بە شاخەکانی کوردستانەوە بەتەنیا بەجێنەهێشتووە بمرن ، یان لەگەڵیاندا مردوون ، یان بە دەستەکانی خۆیان**

له گۆڕیان ناون.. خۆزگه ئەمجارەش خۆزگه رۆژێکی جیا بۆ دایکی کورد دەستنیشان دەکرا ، و منیش وەکو (ئانا جارفیسی) ئەمەریکی پاش هێنانەدی ئەو ئاواته بچمه گۆڕەوه...

تێبینی: ئەو زانیاریانەی له پێشەکی ریپورتاژەکەدا هاتوون لەسەر تۆڕی ئیتەرنێت کۆم کردوونەتەوه..